www.kurdistannet.org
19-10-2006 8:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەمی ڕەخنەی ئێمە مەگرن وەرامی نیشتمانفرۆشان بدەنەوە! ... خاڵەحەمە

لەڕۆژگاری ژێرچەپۆکی ڕژێمی سەدامی کەللەپوتی سەرەک کۆماری عەرەبی عیراقیدا ئێمەی کورد بۆسەرکەش و یاخی ئەبویین و ڕووبەڕووی دڕندەکانی ئەوەستاینەوەو بێ پشوودان ساڵ لەدوای ساڵ مەرگ ئاسانترو خەبات سەختتر ئەبوو؟ ئێمە بۆدروشمی (کوردستان یانەمانمان) لەڕوویی ئەو مرۆڤەخوێنخوارانەدا هەڵگرتبوو، زۆر نەبەردانەش ئەمانپاراست؟ ئێمەی کورد بۆبەبرسێتی و بەبێبەرگی زەویمان دادەخست و ئاسمانیشمان ئەدا بەخۆمانداو تەڕووتوشی زستان و گەرمای چلەی هاوین و لێزمەبارانی بەهارو زوقم و زریانی پایز کۆڵی پێ نەئەداین؟ ئێمەی کورد بۆ شارەکانی کوردستانمان ئەهەژاندو دنیای فراوانمان لە دوژمنان و گەلفرۆشان کردبوو بەکونە مشک؟ ئێمەی کورد بۆ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی بەناو ئاسایشی عێڕاقدا وەک پاڵەوان خۆمان ڕائەگرت و مەرگ نەبوایە شتێک نەبوو نهێنیەکانی ئێوەمان لێببیستێ؟.. ناشێ وابزانن لەبەرخاتری چاوی کاڵی ئێوە بووە!!، ناشێ بڵێن ئێمەخاوەنی سەروەریەکانی کوردین!!، ناشێ بڵێن ئێمە دینەمۆی شۆڕشین و مامۆستای ڕۆژانی ڕەش بووین!! بەڵام ئەبێ بزانن کەکورد لە پێناو ئازادی کوردستانا قوربانی داوەو خوێنی ڕشتووە، کورد لە ڕووی دوژمنێکدا وەک کێو ڕاوەستابوو کە ئێوە ماچتان دەکردوو بەچەکە رووزەردەکانی یەکتریتان دەکوشت!! ئەبێ ئەوەش بزانن کە تاوانی هەموو نسکۆیەک و داچونێک لەئەستۆی ئێوەدایە، تاوانی دریژخایەنی شۆڕش و بێ بەرنامەیی و نەگەیشتن بەئاواتی دێرینمان والەسەر لاپەڕەکانی مێژووتان، تاوانی بنبڕکردنی نیشتمانفرۆشانیش وا بە تەویڵتانەوە کە ئەمڕۆ پەنجەی تاوانتان بۆ درێژ دەکەن کە (ئەنفال) خەتای شۆڕش و کاکی پێشمەرگە بووەو بێدەنگکردنی ئەوزۆڵەکوردانەش هەر دەگەڕێتەوە بۆبێدەنگی ئێوە، چیترتان دەوێت لەکوردی ستەمدیدە، دەتانەوێ دەمی ڕەخنەشمان بگرن، دەتانەوێ قسەی زۆڵەکوردو نیشتمانفرۆشان بەسەر شۆڕش و کاکی پێشمەرگەدا زاڵ بکەن و سوکایەتی بەشانی نەتەوەیەکدا بهێنن!! بەڵام دەمی چەند کەس ئەگرن چەند کەس دەخزێننە ناو زیندانەکانتانەوە، چەندکەسی شانخوار دەکرن، من بەڵێنتان دەدەمێ تەنیاکوردێک نییەلە نیشتمانفرۆشان خۆش ببێت، کوردێک نییەلەم قسانەی ئەمڕۆکەشیان خۆشبێت کەدەڵێن تاوانی ئەنفال والەئەستۆی شۆڕش و پێشمەرگەدایە، ئیتر دەمی ڕەخنەچۆن دەگرن کەئێوە توانای بێدەنگکردنی نیشتمانفرۆشێکتان نەماوە کەپەنجەی سەرزەنشت دەکات بەچاوتاناو بێ وەرامن!!!

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی/2006/10/18